# پەلە کردن لە جێ بە جێ کردنی حوکمی سێ دارە بەسەر سەدامی دیکتاتۆردا بەشکوم بە ئاگامان بێنێتەوە.

**کانی هەڵەبجەیی**
**هۆڵندا**

Kani_awin@hotmail.com




ئێمەی کورد گەلێکین لەسەر پەڵەیەک لە هەورە سپییەکانی ئاسمان دەژین و هەمیشە لە خەونێکی ئاتیفیداین و وا دەزانین هەموو کەس وەک خۆمانە. ئەمەش زۆر بە زەقی لە باوەش کردنەوەمان بۆ ئەمریکاو ناوبردنی شیعە بە برای گەورەمان دەردەکەوێ، ئێمە چەندین ساڵە لە ژێر دەستی عەرەبی پێ پەتیدا دەناڵێنین و هەوڵی لە ناو بردنمان دەدرێ، کەچی خێرا هەموو ئەو ئازارانەمان لە یاد کرد و دیسان ڕۆمانسیانە عەرەبمان کردەوە براگەورەمان و هەوڵی یەکخستنەوەیان ئەدەین، ئەو ئەمریکایەی کە هەر لە مێژەوە چەندین شۆڕشی گەلەکەمانی شکست پێ هێناوە، هەر بە پشە پشێک دیسان کردمانە باوکمان و پشتمان پێ بەست.

ئێمە زۆر جار پاداشتمان بۆ ئەم هەستە سپۆرتیفە تەنها شەپاڵێکی بێ ڕەحم بووە لەلایەن بەرامبەرەکەمانەوە، بەڵام سەیر لەوەدایە ئێمە هەر لە هەمان خەوندا دەمێنینەوە.

ئەو ڕۆژەی چەندین قوربانیمان بۆ داو چەنێ هەوڵمان بۆ دا ڕۆژی خستنی ڕژێمی فاشستی بەعس و تۆڵە سەندن بوو لە هیتلەر و ستالینی کورد کە سەدامە. بەڵام بەداخەوە دیسان بە شەپاڵێک لە هێنانە دی ئەو خەونە بە ئاگایان هێنایەنەوەو بەری هەوڵ و ماندوبونمان دیسان براگەورەکانمان بۆیان خواردین.

من دەبینم هێشتا کورد لە هەمان خەوندایەو لەسەر هەمان پەڵە هەورە، چونکە دەبینم زۆرینەی کورد بێ ئەوەی بیر لە هۆی لە سێ دارەدانی سەدامی خوێنرێژ بکەنەوە ڕەزامەندی خۆیان دەردەبڕن. ئاخۆ ئەم هەڵوێستە چی لە پشت بێ؟ ئاخۆ سیاسەتی تەسکی حیزبایەتی هێندە کاری تێکردبن کە خۆیان لە ڕاستییەکانی دژ بە لایەنەکانیان دوور بگرن؟ یاخود ئەبێت میللەت کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابوری هێندە زۆر بێ بیر لە کێشەکانی سەردەم و دەوروپشت و لە هەمووی گرنگ تر (خۆی) نەکاتەوە؟ ئەترسم ئێمەش وەک سەرۆکەکانمان لێ هاتبێ هەروەک چۆن پۆڵ پریمەر لە یادەوەرییەکانیدا سەبارەت بە کورد نوسیویەتی چەند سەرکردایەتی کوردم بینیوە. ئەوەنەی باسی بوجەیان کردووە باسێ کەرکوکیان نەکردووە!!!!

پێ ئەچێت زۆر کەس ئێستا بڵێ خۆ مردن هەر مردنە بۆچی دەبێ بەم لە سێ دارەدانە ئێمەی کورد کەمێک نیگەران بین، حەز ئەکەم سەبارەت بە وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە ئاماژە بە چەن خاڵێک بکەم:

1- ئاخۆ ئێمە بۆ دان بەوەدا نەنێین کە لە سێدارەدانی سەدام لەم کاتەدا ئەوە دەگەیەنێ کە 182 هەزار ئەنفال و 5000 شەهیدی کیمیا بارانی هەڵەبجەی شەهید و ڕوخانی 4500 دێ بونە قوربانی 148

شیعەی عەرەب. ئێمە دەبێ دان بەوەدا بنێین کە لە مێژودا نانوسرێت  جینۆساید کردن و ئەنفال کردنی کورد هۆی لە سێدارەدانی سەدام بون بەڵکو دەنوسرێت شیعەی دوجەیل بوو ئەو تاوانەی کە سەدامی لەسەر لە سێ دارە درا.

2– باشە ئەو شیعەیەی ئێمە بە براگەورەمان زانی بۆ حیسابێکی بۆ ئەوە نەکرد کە زۆرینەی موسڵمانانی کورد سوننەن؟ هەمومان گوێمان لێ بو کە مالیکی گوتی یەک شەممە جەژنی ئێمەیە نەک شەممە، واتە کورد جەژنیەتی یان نا قوربانی جەژنەکەی ئێمە بێ، ئەی ئێمە بۆ هێشتا هەر لە هەمان خەوندا ماوینەتەوەو بە ئاگا نایەینەوە لەوەی ئێمە برامان نییە.!!!!! ئێمە نەک تەنها برا بەڵکو هاوپەیمانیشمان نییە، ئەگینا هاوپەیمانێتی کورد و شیعە لە کوێدا دەبینین؟ کە ئەوان تاک ڕەوییان کرد لە جێ بە جێ کردنی ئەم لە سێ دارە دانەی دیکتاتۆر، وە هەمومان لە میدیاکاندا بینیمان کە هەڵلای بژی موقتەدا و تۆڵەی شیعەیان دەکرد. ئەی کورد مافی داواکردنی تۆڵەی نەبوو؟ هەر هیچیان نەکردایە کوردێکیان دابنایە یاخود با لە هاواری تۆڵەکەشدا ناوی ئەنفال و کیمیا بارانیان بهێنایە.!!!!

3– بەڵێ ئێمەی کورد لە هەڵبژاردنەکانی عیراقدا بەشداریمان کردو بە ناو دەوڵەتێک هەیە بەناوی عیراقێکی فیدراڵ، باشە با ئێمە بپرسین پەلە کردن لە جێ بە جێ کردنی لە سێ دارە دانی سەدام خواستی حکومەتی عیراق بوو یان ئەمریکا؟ ئەوسا دەزانین کە دەوڵەت بونی نییە.!!!! چونکە گەر ئەمە خواستی حکومەتی عیراقی بێ، ئەی فیدڕاڵیەت و مافی کورد کوا؟؟؟؟ گەر خواستی ئەمریکاش بێ. ئەوە ئاشکرایە کە عیراق لە (ئینتیداب) واتە ژێردەستی دایە.

4– خاڵێکی دی کە دەبێ سەرنجمان ڕاکێشێ گەڕانەوەی بەڕێز مام جەلال و کاک مەسعودە بۆ کوردستان. هەردوو بەڕێز گەڕانەوەو نە مام جەلال هیچی لە بارەی لە سێ دارە دانەکە پێبوو لە کۆنگرە ڕۆژنامە وانییەکەیدا و نە کاک مەسعودیش لە کۆبونەوەکەی پەرلەماندا، ئاخۆ ئەمە خۆدزینەوەیەک بێ لە بارودۆخەکە یان ئەوانیش حیسابیان بۆ نەکراوەو هیجیان پێ نەگوتراوە لەو بارەیەوە؟ ئایا ئەم لە سێ دارە دانەی دیکتاتۆر بزمارێک نییە بۆ تەرمی ئاشتەواری نیشتیمانی کە بەڕێز بارزانی پێشڕەوی دەکات؟

5– بێگومان هەمومان دەزانین کە جینۆساید کردنی گەلی کورد تەنها بیرۆکەی دیکتاتۆر نەبووە، بەڵکو گەر پەردەی ئەم بابەتە هەڵدەینەوە لایەنی جیهانیش بە دی دەکەین کە دەستیان هەبووە لەم جینۆساید کرنەدا بەتایبەتی بە فرۆشتن و چۆنیەتی بەکارهێنانی جەکی کیمیاوی. ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕون دەکاتەوە کە لە سێ دارە دانی دیکتاتۆر پێش تەواو بونی دادگایی ئەنفال و کیمیاباران شاردنەوەی چەن نهێنییەکە سەبارەت بەو لایەنانە بە تایبەتی ئەمریکا. ئاخر بۆ لە خەون بە ئاگا نەیەنەوەو چاو بەو ڕاستییە هەڵبێنین کە ئەم تاوانە مرۆڤ سڕکەرەی ئەمریکاش بە خوێنی شەهید و فرمێسکی کورد دەشۆردرێتەوە.

6– دەبینین ئێمە هێشتا لە هەمان خەونی ڕۆمانسیدا پرخەمان دێ، گەر بیر لەوە بکەینەوە کە ئەم لە سێ دارە دانە پێ ئەچێ سیاسەتە نوێکەی ئەمریکا بچەسپێنێ بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە واتە دەبێتە سەرەتایەک بۆ دەست پێکردنی پێشێل کردنێکی تەواوی مافە ڕەواکانی کورد، ئاخۆ کەی بە یاگا بێینەوە؟....!!!!

7– لە سێ دارەدانی سەدام نەبووە هۆی ئاهەنگ گێڕان و بەخشینەوەی شیرینی و هەڵکردنی ئاڵای ئەمریکی لە کوردستان، وەک لە بۆنەکانی پێشودا بینیمان. تەنانەت میدیا کوردییەکانیش تەنها وەک هەواڵێک خوێندیانەوە نەک وەک مژدە، من دەڵێم گشتمان هێشتا خەوتوین گەر نەپرسین بۆ.....

ئێستاش هاتون ئەڵێن مردن هەر مردنە !!!! ئەڵێن نامادە نەبوونی کورد لەم لە سێ دارە دانەدا کورد لە کێشە دوور ئەخاتەوە !!!! من ئەڵێم ئاخۆ ئەمە چ خەونێکی دی درێژ خایەن بێ کە ئێمەی سەر لە نوێ تێدا نوقم بکەن؟ ئاخۆ کەی بە ئاگا بێینەوە؟ خۆزگە....خۆزگە لە سێ دارە دانی مافەکانمان و مافی شەهیدان و ئەنفال کراوان و کەسو کاریان دەبووە شەپاڵێکی بە ئاگا هێنەر و لەم خەونە ئاتیفییە رۆمانسییە بە ئاگای دەهێنایەنەوە.